

## 1385/10/2(2006) "فرمیسکیسوور"  لەداخیئاکاری بێمشوور؟!...

**بۆ ناساندنی سەردارانی شەهیدی کۆمار و ساڵانی47و46 و شەهیدانی شۆڕشی نوێ و پێشمەرگە دێرینەکان**

### بۆشەهیدانی کۆماریکوردستان

ئەیپێشەوای تاکەسەردار    ئەیشاسواری کوردی هەژار
ئەیپێکهێنەری ح–د–کاف    موهەندیسی ئاڵاوکۆمار
میواندۆستی دەستودڵباز    بۆئاوارەی کوردیباشوور
گیانفیداکاری بێوێنە    نەترسبێباک ئازاوجەسوور
گیانیخۆتو براوئامۆزات    بۆکوردکردە قۆچیقوربان
وەفادارمای بەسوێندەکەت    کۆچتنەکرد بۆهەندەران
تۆسابلاخت بەجێنەهێشت    تاتاڵانیبکەن خائینان
ئەوخائینە گورگەمێشەی    بەنەهێنی گورزیان وەشان
ئەوخائینانەی کەخزینە    ژێرئاڵاکەی هومایوونی
بەچەکیکۆماریساواو    دەرەبەگیو بێئەزموونی
کەدەیانویست شاریسابلاخ    وەکڕابردوو تاڵانبکەن
خەڵکیهەژار ژێرباربکەن    مێشکانینوێ لەداربدەن
تۆخۆتفیدای کوردستانکرد    بەڵاگێری نیشتیمانکرد
تاسابلاخ نەکەنە(تەورێز)    خۆتبۆکوردان بەقوربانکرد
ئەیسەیفی تیغیجەوهەردار    لەژێرپەتو قەنارەودار
نرکەیشێرانەو مەردانەت    دەنگیگەییە چواردەوریشار
فەرمووتبمرێ شاوئەمریکا    بمرێخائین بمرێزۆردار
ئەیسەدری نوێنەریکوردان    لەپاڕلەمانەکەی تاران
ئەیپەیکی کۆمار، نیشتمان    ئەیشەهیدی خاوەنئیمان
ئەیمازووچی ئەینازمی    ڕەوشەنفکر، نەغەدەیان
ئەیئەحمەدخانی فاڕوقی    حەمەخانو عەوڵڵاخان1
ئەیعەلیاغای جەوانمەردیو    ڕەسووڵئاغای جەوانمەردی
عەلیبەگی ئاغاسەددیق    ئەیعەلیخانی فاتیحی
شێخەمینی کەسنەزانی    ئەیئەحمەدخانی شەجیعی
ئەحمەدبەگی فەیزووڵڵابەگ    حەسەنخانی کانینیاز
ئەیشەهیدانی کۆمارو    ئەیتێکۆشەرانی گیانباز
ئەیچوار ئەفسەرەکەیباشوور    ئەی بارزانییەکانی ڕووسوور
بۆکان، سەقز شاهیدتانە    بۆفیداکاریو بۆحوزوور
ئەیشەهیدان ئەیئازیزان    سینگمسەنگی مەزارتانە

پەراوێز1– سێشەهیدی براوکوڕی"گوڵوەشان"خانمیشێرەژنی مێژوویسەقز

ئەی نەمران ئاڵاهەڵگرەکان
ئەی بنەماڵەی شەهیدەکان
ئەی دەربەدەر، ئاوارەکان
ئەی کەمئەندامی، نەگۆڕاو
ئەی خەڵکی کوردی نەدۆڕاو
ئەی دایکوباوکی بەپەرۆش
ئەی کچوکوڕ ئەی گەنجولاو
ئەی ڕووناکبیر ئەی جەماوەر
ئەی کرێکار ئەی جووتیار

جەستەمخەستەی ڕێگاتانە
مێشکمجانتای جەخارتانە
هەستم جووڵەی دەمارتانە
زریقەم، قرچەی ئازارتانە
ڕەنجمژیانی پڕژانتانە
هەلیپەندو لێدوانتانە
کاتیجووڵەو هەستانتانە
نۆرەیدەرسو دەورانتانە
وەرزیکارو کۆشانتانە

## بۆشیمالی شەنگ *******

ئەی شیمالی شەهیدسمکۆ
مەکۆیشەهیدکاکەڕەزا
لانەیحاتەمی فرۆکەوان
هەرێمەکەی کاکەوڕەحمان
ئەی بێشکەی شەهیدقاسملوو
ئەی مەڵبەندی عەشیرەتی
گەلێک کەڵەپیاوت هەبوون
قاسملووت قاسملوویخوڵقاند
هەرچەند نەریتەکەی ماوە
دوکتۆردژی زۆرداری بوو
دژیگەورە چەوسێنەربوو
دەگەڵدیکتاتۆر نەیاربوو
پشتوپەنای ڕووناکبیربوو
بۆیەزاڵم لەدژیبوون
لەکوردستان لەڕۆژهەڵات
چونکەچرابوو بۆشەوەزەنگ
لەناوشکاک لەهەورامان
لەپاوەو نەوسوودو زەهاو
دژیقاسملووی سەرداربوون
لەژێرپەردەی ڕیاوتەزویر
بەکڵاوو جامانەو شەدە
گەلەکۆمیان لەدوکتۆرکرد
زەڕبەیان لەگەلیکورددا
کوڕیدەرەبەگ، شێخ، پارەدار

بێشکەی باپیرشکاک(نەحۆ)
فیروزیلاو، مەلاعیسا
زانکۆیقاسملووی شۆڕشوان
زانایناوداری کوردستان
کەلەناوکورد هاوتاینەبوو
خاوەنسرووشتو سەروەتی
پیاوانە چوونە ژێرپەتی
دابیدەرەبەگی ڕووخاند
بەڵامئیتر ناگەنبەمراد
دژیئاغاو زۆرکاریبوو
دژیتوودەی خاپێنەربوو
دژیدوژمنی جووتیاربوو
دژیمافخۆری کرێکاربوو
چوندەرەبەگ لەکزیبوون
مافخۆرلەدژی وەدەنگهات
زۆردارمەیدانی لێبووتەنگ
لەسەققزو سنەوبۆکان
بەگیدەبەنگ هاتنە مەیدان
دژیکوردی جەوهەرداربوون
دژیبرایەتی کوردانبوون
دیتمان"گربەعابدشدە"؟!...
خانیچەپیو چریکو توودە
لەسنەو پاوەو نەغەدە
لەگوندوشاخ، لەناوبازاڕ

لەدژی کوردی مافخواز
کۆشکی تازەی کوردیان ڕووخاند
شەڕی برا کوژی یان بۆ سازکرد
ئەی ناوچەی کەرەمکەڵەشی
بەڵام ئەمڕۆ بەلاساری
ئەی سەنگەری کامیلی شێر
شیمالەکەی سەدان شەهید
هەنو، بەناوی قاسملوو
دەستیان کرد بەساتوسەودا
پێ لەجێ پێی دوکتۆر دەنێن
داری ژاڵە بۆکاریتە؟!...
دەهۆی تازە وەدەرکەوت!
دیکتاتۆری و ڕێی قاسملوو؟

بوونبە کەواسوور، جلەودار
تۆوی دوو بەرەکیان بۆ چاند
قەڵای قایمی کوردیان لەقاند!...
گەرچی لەمێژوو هاوبەشی
خاکی پاکی تۆشیان بەخشی
مەکۆی مرۆی مەردو دلێر
بێبەش کراوی لەخاک و خێر
لەگەڵ بابەکوشتەی پێشوو
ڕەنجی کوردمان بەفیڕۆچوو
بەفڕوفیشاڵ خۆڕادەنێن
نابێ! کڵاومان لەسەردەنێن
لەگشت لا دەنگۆ داکەوت
سەریان وەبەردی ڕەق کەوت

********

## بۆسابلاخی شاری پێشەوا

ئەی موکوریان شاری سابلاخ
ئەی مەکۆی خەڵکی شۆڕشگێڕ
ئەی هاوڕێیان ئەی ئازیزان
ئەی ڕێبواری ڕێگای قازی
ئەی خەڵکی شاری پێشەوا
ئەی نەوەی شاری شەهیدان
ئەی میراتگرانی پێشەوا
ئەی کوڕانی "سەیف" و "سەدر"
مۆتەی سینگی بەژانی من
ناڵەوشینو بیرەوەریم
دەردی گرانی وەرزی پیریم
شیعری پڕجۆش و هاندەرم
دەفتەرو دیوانو کتێبم
لۆلۆو لێلێو کورتەشیعرم
گۆچانی دەورانی پیریم
پریسکەی خەمی ساڵانی زووم
ڕەنگی سووری فرمێسکی من
پێنووسی دەستی لەرزۆکم
چاوی سۆما لێبڕاوم

ئەی پایتەختی سوڵتان بوداغ
یانەی کوردی بەڕاستی ساخ
ناڵەم دەنگی هاوارتانە
زامم برینی، سەرشانتانە
زریکەم، زیرەی بێدادتانە
دڵم، پڕخوێنی چوارچراتانە
ئەی دڵسۆزانی بەوەفا
ئەی کچانی، خانم "مینا"
گڕی جەستەی، نانوازادەیە
یادی پۆلێک بەگزادەیە
نرکەی، سەیید عەولاتانە
سیمای فایقی، سەردارتانە
وانەی سمایلی ناکامتانە
پەیقی عەولای هەرلاوتانە
برنۆی هاشمی نوێخوازتانە
یادنامەی خودایارتانە
خوێنی شەهید ئەنجیری یە
چەکی شانی زەنگەنەیە
دووربینی فەتاح قەندەیە

کەفیجەرگی سەرکردووی‌من    خوێنی یۆسف چوارگایی‌یە
کولی‌دڵە کۆستکەوتەکەم    بۆحوسێنی خاتوونی‌یە
سابڵاخ‌ئەی شارەکەی‌هیمن    هێمن‌گیان بێ‌تۆو بەبێ‌من
کێ‌شینگێڕی شەهیدان‌بێ    یادیان‌بکەن‌وەک‌تۆ نەک‌من
سابڵاخ‌تازە هێمنێکی‌تر    قەت‌لەدایک نابێتەوە
تاریک وڕوون‌و پاشەڕۆک    ناڵەی‌جودایی بڵێتەوە
ئەی‌سابڵاخی هەردەم‌سەربڵیند    سرتەم سرووەی"هێمنی"یە
پەخشانم گەڕیێی بڵێم‌پەخشان    زیلکی ناڵەی جودایی‌یە
شیعرم‌ناڵەی دایکی‌سابڵاخ    بۆپەنجاوو نۆشەهیدە
ناڵەی‌دڵی بەکوڵی‌من    بۆخەڵکانی ستەم‌دیدە
شریتی‌یادی گەنجی‌و لاویم    بەستەی‌حەسەن خوڕخوڕی‌یە
هزری بزری‌منی غەریب    گۆڕی‌کەماڵ دەباغی‌یە
فکروزیکری منی‌شاعیر    یادوارەی تەهای هەق‌تەڵەب
هەڵبەستو پەخشانەشیعرم    یادی‌عەولای شەریفی‌یە
جانتای‌وەرزی پێشەرگەییم    پڕلەوێنەی عەباسی‌یە
وێنەی جاویدفەڕو کاک‌شوان    شەهیدخدری خزری‌یە
وێنەی‌چرچەی بارام‌میرزاو    وسەییدڕەسوی دێهقانی‌یە

*******

### بۆشاری سەردەشتی لانکیح.د،ک–ء

ئەی‌شاری شەهیدئاوارە    مەڵبەندی لانکی‌دێموکڕات
ئەی‌هاوشاری مەلاکەچەو    مینەشەمو حاجی‌پاراست
ئەی‌لانکی ڕەحمان‌وەتمانی    ئەی‌ناوچەی حەمەی‌دۆڵەتوێ
سپیلکی‌حەمەی ڕەسوەمەری‌و    فەقێ‌عەلی شیوەسەڵێ
ئەی‌حوجرەی ڕەئوف‌حەفیدی‌و    مەلاعوسمان میراوەیی
ئەی‌گۆمانی عەولامێری‌و    هۆملی کاوەمارەغانی
جاندارانی مینەشەمو    ڕەحیم‌شەمو پارتیزانی
پیرەفاتی هەمزەی برایمی‌و    حەسەن ئەلیاسی قازانی
قەڵای‌عەلی عەوڵاکۆڵی‌و    میرزامحەممەد شاتمانی
ئەی‌شارەکەی عەلی‌شوانەو    هەشت‌شەهیدی خەیابانی1
بنکەی حوسێن ڕەحمان‌ڕابی‌و    فەقێ‌عەلی ئەحمەد بریوی
ئەی‌سەردەشتی لانکەی‌خەبات    خاوەن‌ڕۆڵەی نەبەزیوی
ئەی‌داوداوەی عەولای‌ناسری    ئەی‌سەنگەری خاڵ‌پیرەباب

پەراوێز1– هەشت‌شەهیدی 1357/8/14لەخۆپیشاندانی دژی‌شا لەسەردەشت

ئەیبیزاچنی شەهیدعەولای　　فەقێعەلی جگەرکەباب
بەردەسپی کوڕانی قوربانی1　　مالیمۆسی مەلاخدر
وارشیقازی حەسەنمینەو　　قوڵتێی حوسێنحاجیخدر
کێوی‌زەرتکەی خاڵەڕێبوار　　قاییدمسی،سماییلیسەلیمی
غەوزەیشەهید حاجیغەفوور　　نەنیەی حەمەدی مەولوودی2
بوڵفەتی میرزاینێشکۆڵان　　بێشاسپی فەقێڕەسووڵی
دارساوێنی مەلاساڵح　　بەردیکەڵی سەییدعەلی
زمزیرانی محەمەد هەلاج　　جاندارانی فەقێعەوڵڵا
ئەیشاری حوسێنشەمامی　　ڕەبەتی میرزاعەوڵڵا
دووپەزەی شەهیدکاکەمین　　باژاڕیکاک حەمەعەزیز
کێلەی فەتاحیعەلاییو　　ڕەئووفو ڕەسوویمامعەزیز
گرژاڵی مەلاحەسەنیو　　ڕەحیمو عەولا کاژەیی
سێڕێیانی بازگەی شێران　　کاکهێمنو خەلیل بێژوەیی
قووچیمەیدانی شێرەکوڕان　　کوڕانیسوێسنیو ئالانی
کەناوچەیان کردبوو بەگۆڕ　　بۆئیمامو پاسدارانی

پەراوێز1– کوڕانیقوربانی(شەهیدان خدرومحەممەد کوڕانیحەسەنیخدریقوربانی بنێوخەڵێفی)
2– شادڕەوان حەمەدی مەولوودی خەڵکی شاری سابڵاخ لە زەمانی کۆماری کوردستاندا لە دەشتی"نەنیە"ی نزیک شاری سەردەشت ماوەیەک سەرپەرستی هێزی سەردەشت بوو

*******

## بۆشاری بۆکانیخۆڕاگر

ئەیبووکی موکریان بۆکان　　شاری هەڵمەتو بەرخودان
ئەستێرەی سووری کۆمارو　　لانکەی بەشکۆی بەگزادەکان
ئەیدووهەم شارەکەی کۆمار　　شاریشیعرو هەژارەکان
ئەیسەنگەری خۆڕاگریو　　گۆڕیکیژە خنکاوەکان1
مەکۆی حوسێنقزڵجەییو　　شەهیدکاکعلی دادەخان
قوتابخانەی شەڕەفکەندی　　سکرتێری بەشکۆشان
میراتگری بێفیشاڵێ　　دوکتۆرقاسملووی گەورەمان
سەنگەری سەرگوردعەلیارو　　زانکۆیزانا،سەروانئەفشین
مەنزڵگەی مامۆستافەوزیو　　دەیاننووسەرو مێژووزان
شاری مامهێدیو ئەفخەمیان　　حەقیقیو عەتری هۆزانڤان
شاریسوارەو سەییدکامیل　　دەیانشاعیرو وێژەوان
شاریدادخواو شاریهەقپوور　　شاریعەولا کوردستانی

پەراوێز1–کیژەخنکاوەکان(ئەودوازدەکیژەی لەجووڵانەوەی ساڵی1331ی جووتیاران دا لە بۆکان بۆپاراستنی ناموسیان لە ترسی دەرەبەگ و خانزادەکان خۆیان لە چۆمی بۆکان هاویشت و خنکان)؟!...

مەکۆی فایقی حوسەینیو     عێزەدینی حوسەینیانی
ڕاوگەی حەسەنی جەمشیدیو     بازگەی کاکەعەلی باڵدار
مەکۆی وەستائەحمەدی ئازاو     مەکتەبی بەدەیان شاسوار

*******

## بۆشاری بانەی زەردوسوور

ئەی بانەی ئەسحابەتۆقێن     سەنگەری سمایلی غەڕقی خوێن1
مەریجەلانی قادرویردیو     مەلاڕەحیمی جاش ترسێن؟!
شاری شەهید خەلیل شەوباش     شاری سڵمان بەگمڕۆژباش
شاری غەفووری هەمزەییو     مەکۆی قاقەی (بیوکگارداش)2
ڕاوگەی شەهید کاکەعەزیز،     محەممەد سەدیق، کەریم سووتاو
لانکەی عوسمانی کەریمیو     مینەشۆڕشی تازەلاو
بازگەی کاکەمین مەعروفیو     کاک حەبیبەڵلای ساوانی
سەنگەری شەهید عەلیەڕەش     شەقامەکەی ئەحمەدخانی
بابۆسی مامقالەی سووتوو     کەوپێچی بەدیعی حوسێن
هەوارگەی مامقالە شۆڕشو     شۆڕشگێڕی دوژمن ترسین
ئاربەبای شەهید مچەڕەش     سوورکێوی موحەممەد تۆفیق
مەیدانی عومەر ڕەحیمیو     قوتابیانی شەهیدفاییق3
کانی کیژانی قادرییو4     یادوارەی بەدەیان ڕەفیق

پەراوێز1– سمایل (شەهید سمایلی شەریفزادە) 2–قاقە (شادڕەوان محمد کریمی) لە بەر ئەوەی خوشک و براکانی بەجێگای کاکە پێیان گوتووە قاقە ئەم ناوەی بە سەر دا بڕاوە کە بە زمانی تورکی دەبێتە (بیوکگارداش) 3–قوتابیانی شەهیدفایق(قوتابیانی شەهید سولەیمانی موعینی) 4–کانی کیژان(ناوی کانیاوێکی گوندی نجنێو هەروەها دیوانی شیعری کاک ئەحمەد قادرییە)

*******

## بۆشاری سەقزی خوێناوی

ئەی شاری کۆنی سوورکفن     ئەی شاری دایکی شێرەژن1
گەرخوابیکا سەرکەوتووبین     سەرلەنوێ دەتکەیین نۆژەن
ئەی سەقزی شەلالی خوێن     شاری بەگزادەی شاتۆقێن
شاری دوژمنی خەڵخاڵی     خاوەن خەڵکی شیرحەلالی
مەڵبەندی زانستو ئەدەب     شاری زەووقو سەری حالی
شاری وورەو بریاوهیوا     شاری خوێنو خەمو سزا
شاری لاوانی شۆڕشگێر     خەڵکی شەریفو بەحەیا
مەڵبەندی نامیق کەریمیو     عەبدوڵلاو عەلی بەیخانی2

پەراوێز1–شێرەژن شادڕەوان (گوڵوەشانخانمی) دایکی شەهیدان ئەحمەدخانو عەولاخان و حەمەخان سێ برای شەهیدی کۆماری کوردستان2–نامیق کریمی و عبداللە و عەلی بەیخانی ساڵی48، 47 لە زیندانی ساواکی شا دا ئیعدام کران.

بازگەی هومایوون ئەردەڵان    لانکەی سەددیق فەڕوخیانی
مەکۆی ئەحمەد تەمووغەیی و    شەهید فەرەیدوون جەباری
سەنگەری غولامخەلیفەو    شاری خالیدزەکی و، دیاری!
لانکەی ئەسەدی سولەیمانپوور    ژووانگەی شۆڕەلاوی جەسوور
ڕاوگەی شۆڕش تیلەکۆیی و    کلسووم حوسەینیەکەی ڕووسوور

*******

## بۆ شاری سنەی قەڵای خۆڕاگری

ئەی شاری ئەردەڵان سنە    شاری مەستوورەکان سنە
شاری ئایەتووڵڵا مەردووخ    لانکی ڕووناکبیران سنە
شاری ئیستیوار ڕەجەبی1    شاری موهەندیس بەغدادی
شاری نەورۆزی خوێناوی    دژی ئاخووندو بێدادی
ئاویەری، شەهید سۆفیپوور    ژاوەرۆکەی سەروان ئیقباڵ
ئاوی سەری "کاڵەخانی"    حیسامی ئەسعەدی تیژباڵ
یانەی شەهید حەمەشیانی    لانەی برایمی ئەحمەدی
سەنگەری محەممەدچیانی و    شەهید ئەحمەدمحەممەدی
سەڵواتاوای سەییدمەنسوور    چەمشاری حەمەی موبەسسیر
تەوری وەری شەهید ئەسەد    تەنگیسەری سەیید ئەمیر
ئەی قشلاخی خوشکەچیمەن    چەمشارەکەی پڕلەدیمەن
لانەی شەهید خەلیلەسوور    شاری بەستەو ڕستەو سوخەن
شاری شاپووری فیرووزی    قارەمانی شەست حەماسە
شاری کوڕە شەهیدەکەی    کەمەڵبەندی خستەتاسە

پەراوێز1-ئیستیوار ڕەجەبی(کەسێکە کە ساڵی1338 لە زیندانی تەوریز لە ژێر ئازار و ئەشکەنجەی جەللادەکانی ساواکی شادا شەهیدبوو.

*******

## بۆ شاری پیرانشاری تازەشار

ئەی مەڵبەندی پێشمەرگەکان    فەقێ ئەحمەدو ڕەسووڵپیران
بازگەی شەهید عەلیگەلەو    شەهید سولەیمان کارقەشانی
سەنگەری عەلیگوێڕەشو    حەماسەی ساڵەلاجانی
ڕاوگەی شەهید مرادشیرێژ    بازگەی مینەو محەممەدشیرێژ
ڕوانگەی شەهید حوسێنچلکۆچ    مامۆستاگەردی خۆشڕاوێژ
دانگەی شەهید حەسەنەسوور    هەوارگەی حەمەسوڵتانی
مەکتەبی ڕەحیم مەحموودی و    قەندیلی قادرلاجانی
کوێستانی شەهید قادرەشەل    حەسەنەسووری قەڵاتی
لانکی حەمەی دەرویش ئەحمەد    هەواری شۆڕشو خەباتی

ژووانگەی جەلیلیئازەریو
بێشەیشەهید ، حەسۆیخۆشنام
شاری شەهیدسۆفیزادەو
شەهیدکاکە هەمزەبێهنام
مەیدانی ، شێرەکوڕوکاڵی
شوێنی شاکاری شێخاڵی1
هەرچەند چەمبێ چەقەڵنابێ
لانەیسەدان شیرحەڵاڵێ
مەکۆیشەهید ئەحمەدزەینیو
شانازیمحەممەد بەهمەنیار
جێڕاوگەی عەلیعومەریو
لانیئازەرەخشی نازدار
یادگاری محەممەدقادری
لەغەریبی کوشتیانپاسدار
شاری حەمەی سەرووکانیو
عومەری قەڵاتە ڕەشان
جێحەماسەی دەیانسەردار
وەکڕەسووڵزادە کاکسولەیمان
مەڵبەندی خدرزارعیو
مستەفازادەی نەوجەوان
شارینەبەز مەلاڕەحمان
پیرینەواسەنگەری لاجان
شاریحاجی فەقێڕەسووڵ
بەڕێز مەلامحەممەد عوسمان

پەراوێز1–شێخاڵی(شەهید برایمشێخاڵی) فەرماندەیبەوەجو قارەمان

*******

بۆشاریشنۆی نمەکسوێر

شنۆشاری زوڵملێکراو
شنۆشاری دووعالێکراو
شنۆشاری بەڵالێدراو
شنۆشاری هەربەرزماو
ئەیشنۆیسەربەرزو سەرسەوز
ئەیکانگای حەماسەی سەدتەرز
ئەیشاریمیوان خۆشەویست
ئەوشارەی دایانیبەقەرز؟!...
ئەیشاریقیبلەی دڵداران
ئەیمەڵبەندی شۆڕەسواران
شاری جێمتمانەی قازیو
خانەیلێقەوماو ، داماوان
شاریمیوان خانەیکۆمار
شاریدژی دوژمن ، لاسار
شاریشەهید محەممەدعەلیو
سەییدئەنوەری تاقەسوار
دەڤەری عومەرقەیتەران
سەنگەری ئازاو دلێران
شاریکاک حەسەنی مامڵێو
سەدانپێشمەرگەی پارتیزان
ئەیشاریشنۆی شەلالیخوێن
مەکۆیلاوی خائینتۆقێن
سەنگەری ساڵحیحەسەنپوور
سمایلومرادیغەرقیخوێن1
تۆخاوەنی زۆرشانازی
تۆمەکۆی چەندەهاڕازی
تۆلانکی شۆڕەسوارەکان
مەلاسمایلو کەریمقازی
کێلەشینی محەممەدپیرۆت
سەنگەری خالیدمیرابی
شەقامیسووری ڕەحمەتپوور
عەولڵاو محەممەدمیرابی
گۆڕیگومی ، کوردیدڵسۆز
مەلاحەمەمین خزری

پەراوێز1– حەمەساڵح حسنپور خەڵکی سەردەشت و اسماعیل محمدی و مراد عزیزی خەڵکی شنۆ سێ کادری بەوەجی تەشکیلاتی کە ساڵی 1368لە جەولەی تەشکیلاتی دا پێنج ڕۆژ دوای شەهید بوونی دوکتۆر قاسملوو لە دەڤەری شنۆ شەهید بوون.

شـاریحاجی ئــەسکــەنـدەریو — کـتێبـــیدەیـــان بیـــرەوەری

********

## بۆشاری‌نەغەدەی دەستەخوشکی کەرکووک

ئـەیناوچـەی سندووس(نـەغـەدە) — ژێرچـەپـۆکـەی چـەنـدینسـەدە
ئێـرانوتـــورکی عــوسمـــانی — داویـــانی بێـــرەو بـــــەویدا
سەلجووقیو غەزنەویو تـاتـار — سەفـــەویو ئـەفشـارو قـاجـار
پـەهلـەویو خومـەینیخوێنخوار — ژانـــدارمو ســـاواکیو پـاســـدار
جـونـدووڵـڵاو جـرووجـانـــەوەر — بـەسیج،سـارولـڵای بێـپـەدەر
دژیتـۆبـوون سنـدووسیجوان — کـردیانیـــە ئـاردینێـــودڕوان
بـۆمـەشـەدو قـومـوقـــووچـان — ڕایـانگــوازتـی بـەهـەمـوویـان
کـوردیانکـردبـە سپـەریخـۆ — نـاویـــانلێنـان،بەدرۆودەهـــۆ
بـــەفـــارســـی(مرزداریغیور) — عـەجـەمیـان هێنـاجێگـــایتـۆ
تـەتـەر،تـورک،قـەرەپـەپاخ — کوردیان لەسندووس کردقاچاخ
دیمـــۆگـــڕافی تـۆیـانگـــۆڕی — بـــۆیـەئێستـــا لــەنگـولـــۆری
ئێستـاش بەلاشفرۆشت دەکـەن — وەکقـــەدیم بـەچـەکمـــەبۆری
نـەغــــەدەی عـــەولای قـــادری — هـــاوڕێی قاسملوویگیـانفیدا
ئـەیسندووسی شـەهید فـەتاح — نوێنـــەریحیـزب لـــەئورووپا
خـــاوەنکـــوڕانی جـەســووری — تـــۆلـــەخـــۆپـــەرستـــاندووری
خـەڵکتخوازیاری تــەبـایـیـە — لـەگـــەڵزاڵـم تـــۆنـاجـــووری
وەکــــووخەڵکی کەرکووکیکورد — لـــەژێرستــــەمدا مـەغـــدووری
تــۆقـــەتنابیـە هـامپـایزاڵـم — چوونکە مـەزڵوومو ڕووسووری

*****

## بۆهەرێمی هەورامانی هەواری‌هەراو

ئـەیهـەورامــان ئـەیهـەورامـان — ئـەیهـــەریمی زەڕدەشتی‌یەکـان
ئـەیدەقـەری کـــاروکـــۆشـــان — ئـــەیلانکی کـاکـــەییو گـــۆران
ئـەیچـاوگـەی ئـاورگـەیدێرین — دەقـــەریئیسحـــاق،خـــووەشین
مـەڵبـــەنـدی وەیسەل قـەرەنیو — سیـــراجـــەدین،حیســـامـــەدین
سـەنگـەری حـــەکیـــمڕەزایـــیو — سنـــووری عـــەولایبـەهـــرامی
گــۆڕیشـــەهیـدی دیمـوکـــرات — بـــەدەستیچـەپـــەکـەی بـــرامی
سـاڕاڵی ســــەدیق فیـــروزیو — سـابـاتـەکــەی شـەهیدکاڵکاڵ
ڕاوگـــەی ســالار ئیبـــراهیمـــیو — ئـەحلـەیمیسری لـەخوێنشەلاڵ
هـــەورامـــانی شـەهیدسەفیـار — فـــاریغیزوورئـــەسنـای نـاودار
هـۆبـەیئـەسعـەد کـەسنەزانیو — حـــەمـــەکـــەریمی بێڵـــەوار
هـــەجیجی شـــەهیـدنـــادری — کـەنـاســـرابـوو بـــەحـەبلـەڕەش
پــاڵـــەنگـانی بـــەختیــارو — شـــەهیـــدیلاو تـــۆفیقـــەڕەش

راوگەی مەنسووری فەتاحی
ئاسۆی تۆ پەڵەهەڵناگرێ
دەڤەرەکەی خاڵەمەجید
ساباتەکەی کاکی هەسەن
هەورامانی لاڵۆ تاهیر
ئەگەر ناپاک وازبهێنێ
ئەی نییەری تاجی سەرمان
ئەبولحەسەن، کاکەحەسەن
غەففارمینبەری شۆڕەلاو
شەهیدکەرم، شەهیدنەجمە
شەهید حەمەعەلی وجەعفەر
نییەرا قەدری تۆ نەزانرا
کوێستانت بڵێندو خاڵخاڵە
بارەگای بژوێن و بەرزت

بازگەی شەریفی نووریاوی
بەچەندمرۆڤی قیناوی
شاهۆی، مەنووچیهری تاهیر
بەسەدان پێشمەرگەی ماهیر
خاڵۆسەعید هەورامانی
دەڤەرێکی پاکوجوانی
خاوەنی دەیان قارەمان
جووتەبراکەی پاڵەوان
شەهیدهاشمی بەشکۆوشان
شەهیدشەهرامی پارتیزان
سەیفوولڵاو فەخرەی تێکۆشەر
بۆیەلەجەغز خستیانیەدەر
ئاسۆگەت لەخوێن شەلاڵە
لەقارەمانان بەتاڵە

*******

### بۆ پێشمەرگە بریندارەکان

ئەی پێشمەرگە بریندارەکان
ئەی ڕۆڵە زۆرلێکراوەکان
ئەی خدربەگ جاشنەیکوشتی
ئەی کاکئارەشی زەمانی
ئەی پێشمەرگە بریندارەکان
شەعبان بێموخ دەژیەننەوە
هەرکەسێ ڕەستاخیزنەبێ
هەرکەس جوغرافیا نەگۆڕێ
ئاخوند فتوای جیهادی دا
چەمڕانی نارد بۆسەرکوتمان
شەڕی براکوژیمان زۆردیت
دیکتاتۆرمان گەلێکدیتوون
ئەی ئازیزان پشوودرێژبن
ئەوانەی تۆ بەکەمدەگرن
لەبەرامبەر جەبری مێژوو
بەرەی نوێ لێیان خۆشنابێ
خۆڕاگربن، ماندووی نەناس
کەزستان ڕۆیی ڕووزەردی
2007/2/21–1385/12/1

کسپەمکزەی هەناوتانە
خۆزگەم، شیفاوەرمانتانە
براکەی پێرار بۆدەتکووژێ
کرماشانی بۆدەتنێژێ
ئەمەسیاسەتی شایە
شانەیاری مافی برایە
لەمیللییەت وەلانرایە
لەمیراتیش تەوەلایە
بۆقەڵاچۆی کوردەواری
چەمڕانی کورد فرەسژماری
هەرنوشوست بووەوناکامی
هەرئاشبەتاڵبووە ئاکامی
کەسحەساومەکەن بەکەساس
باریکدەبن وەکووڕێواس
ملیان بەلادا دێتەوە
تۆڵەتان دەستێنێتەوە
بەهاری تازە دێتەوە
هەرناتەبا دەگرێتەوە